**بەش: یاسا**

**کۆلێژ : یاسا**

**زانکۆ : سەلاحەددین - هەولێر**

بابەت : **قانون المرافعات المدنية والإثبات**

**پەرتوکی کۆرس – کۆرسی یەکەم و دووەم – (ساڵی 5)**

**ناوی مامۆستا: م. رۆشنا أكرم سعد**

**ساڵی خوێندن: ( 2023/ 2024 )**

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی كۆرس | ( یاسای دادبینی شارستانی و سەلماندن) قانون المرافعات المدنية والإثبات |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | م. رۆشنا أكرم سعد |
| 3. بەش/ كۆلێژ | بەشی یاسا / كۆلێژی یاسا |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: roshna.saad@su.edu.krd |
| 5. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | (4) سێ كاتژمێر / 3 كاتژمێر تیۆری / 1 كاتژمێر پراكتیكی |
| 6. ژمارەی كاركردن | (16 ) شەش كاتژمێر لە هەفتەیەكدا |
| 7. كۆدی كۆرس | LL403 |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | بەكالۆریۆس لە بەشی یاسا لە كۆلێژی یاسا لە زانكۆی سەلاحەددین لە ساڵی 2011. ماستەر لە یاسای تایبەت لە زانكۆی سەلاحەددین لە ساڵی 2015، قوتابی دكتۆرا لە یاسای تایبەت لە زانكۆی سەلاحەددین. مامۆستا لە بەشی یاسا لە كۆلێژی یاسا لە زانكۆی سەلاحەددین، وانەبێژ لە چەند زانكۆ و پەیمانگایەك ساڵانی رابردوو. بەشداری كردن لە چەندین خوولی ڕاهێنان و زمان، وەهەروەها بەشداری كردن لە چەندین دیدارو سیمینارو كۆنفراس و دیبەیت لە هەرێمی كوردستان. |
| 9. وشە سەرەكیەكان | المرافعات المدنية، التقسيمات القضائية، التقاضي أمام المحاكم، أختصاص المحاكم، الدعوى القضائية، المرافعة، التحكيم، االقرارات المؤقتة، الأحكام القضائية، طرق الطعن في الاحكام القضائية. |

**10. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

لەم ساڵەی خوێندن قوتابیانی قۆناغی پێنجەم دوو یاسا دەخوێنن كە ئەوانیش (قانون المرافعات المدنية – قانون الإثبات):

1- بابەتی یاسای دادبینی شارستانی ( قانون المرافعات المدنية ) یەكێكە لە بابەتە هەرە گرنگ و پێویستەكان بۆ قوتابیانی قۆناغی پێنجەمی بەشی یاسا ئەو گرنگیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە لەو یاسایەدا قوتابیان فێری دابەش بوونی دادگاكان دەبن هەریەكەیان بەپێی دەرجەو وە دەسەڵاتی

هەریەکەیان لە رووی وظیفی و نوعی و مکانی لە بینینی داواکان، وە چۆنیەتی بەرزکردنەوەی داوا و چۆنیەت بەرێوەچوونی دادگاییکردن و ئامادەبوونی لایەنەکانی داوا لە بەردەم دادوەر، هەروەها قوتابی ئاشنا دەبێت بە بابەتی ناوبژیوانیکردن و رێکارەکان و ئاسەوارەکانی بڕیاری ناوبژیوانیکردن. لەلایەکی ترەوە لەم بابەتە بریارە کاتییەکان ( القرارات المؤقتة)ەکان باسیان لێوە دەکرێت کە بریتین لە (الحجز الاحتیاطی و القضاء المستعجل و القضاء الولائي). هەروەها خوێندنی بابەتی بڕیاری دادگا و چۆنیەتی دەرچوونی بڕیاری دادگا و چۆنیەتی تانە گرتن لەم بڕیارانە بەو رێگایانەی کە لە یاسا باس کراون، هەموو ئەو بایەتانە بایەخێکی تایبەتیان پێدەدرێت لەم ساڵەی خوێندندا و بە تێرو تەسەلی دەخوێندرێت بە شێوەی تێوری و پراکتیکی.

2- بابەتی یاسای سەلماندن (قانون الإثبات): لەو بابەتە قوتابیان هەموو ئەو ڕێگایانە دەخوێنن کە لە کاتی دادگاییکردن پەنای بۆ دەبردرێت بۆ سەلماندنی ئەو مافەی کە خاوەن ماف داوای بۆ بەرزکردۆتەوە لە بەردەم دادگا بۆ وەرگرتنەوەی.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

1. زانیاری:- ئاشناکردنی قوتابیان بە ئەو بابەتانەی کە بە پێ ی دەقەکانی یاسای (المرافعات المدنیة) یەکلای دەکرێنەوە، بەتایبەتی چۆنیەتی بەرزکردنەوەی داوا بۆ ئەم بابەتانە لەبەردەم دادگاو یان یەکلای کردنەوەی کێشەکان بە رێگای ناوبژیوانیکردن ( التحکیم) وە سەلماندنی مافەکان لەبەردەم دادگا، وە دەرچوونی بڕیارە کاتییەکان و بڕیارە یەکلایکەرەوەکان لە دادگا و چۆنیەتی تانە گرتن لەو بڕیارانە بابەتی سەرەکی ئەم وانەیەن .

2. راهێنان:- راهێنانی قوتابیان لەسەر چۆنیەتی بەرزکردنەوەی داوا و چونیەتی تانەگرتن لە بریارەکانی دادگا بە شێوەی پراکتیکی.

3. پەروەردە:- چۆنیەتی ڕەفتاری قوتابیان لە دادگاکان و چۆنیەتی پیادەکرنی یاساکان.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

ئەرکی قوتابی لەم کۆرسە بریتی یە لە ئامادەبوون لە هۆڵەکانی خوێندندا چونکە ئەم بابەتە بەبێ روونکردنەوەی مامۆستای وانە لە هوڵی وانە ووتنەوە تێگەیشتنی ئەستەمە، هەروەها پێویستە قوتابی رۆژانە پێش وانەکە ئەم بابەتە بخوییننەوە تاکو بتوانێت ئەم بابەتە لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان کونترۆل بکات، هەروەها پێوستە قوتابی بەشداری لە وانە پراکتیکیەکان بکات لە ژێر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە لە وانە تێورییەکان وەریگرتووە، وە پێویستە هەر قوتابیەك ڕاپۆرتێك لەسەر یەکێك لە بابەتەکانی دادبینی شارستانی ئامادە بکات .

**13.** ڕێگەی وانە ووتنەوە

لە ڕێگەی موحازەرە و گفتوگۆ و ڕێگەی (العصف الذهني) ، شێوازی ۆرك شۆپ، بەگرووپ كردنی قوتابیان ماموستا بابەتەكە پێشكەش دەكات.سوود لە بەكارهێنانی داتاشۆ دەبینرێت بۆ پیشاندانی كورتەی وانەكان ودەقەكان وەردەگیرێت. واتا وانەكان لە رێگای پێشكەشكردنی داتاشۆ و پاوەرپوینت دەبێت كە ماموستا وەك پوختەیێكی تێرو تەسەل ئامادەی كردووە بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی، هەروەها لەكاتی پێشكەشكردنی داتاشۆ ماموستا هەڵدەستێت بە بەكارهێنانی تەختەی سپی بۆ پێدانانی روونكردنەوەی زیاتر بۆ ئەو بابەتانەی كە پێویستە روونبكرێتەوە، قوتابیان دەتوانن سوود وەربگرن لەو داتاشۆیانە بۆ تێگەیشتنی تەواوی بابەتەكە، جگە لە ئەمانە قوتابی لە وانە پراكتیكیەكان ئاشنای بڕیارەكانی دادگا دەكرێ.

**14.** سیستەمی هەڵسەنگاندن

بە درێژایی ئەم ساڵەی خوێندنی دوو تاقیكردنەوەی سەرەكی ئەنجام دەدرێت هەر یەكێكیان 15٪ نمرەی لەسەرە، هەروەها 10 ٪ نمرەكان لەسەر رۆژانەو پرسیارو وەڵامی ناو هۆڵی خوێندن و ئامادەكردنی راپۆرت لەسەر یەكێك لە بابەتەكانی دادبینی شارستانی دەبێت . لە كوتایی ساڵی خوێندن تاقیكرنەوی كۆتایی بابەتەكە ئەنجام دەدرێت كە 60٪ نمرەی لەسەرە .

**15.** دەرئەنجامەكانی فێربوون

زانینی پێگەی دادبینی شارستانی لە یاسای دادبینی شارستانی عێراقی ودواتر چۆنیەتی بەرزكردنەوەی داوا وچۆنیەتی بەردەوام بوونی لە ڕووی یاساوە زۆر بە ووردی بە شێوەێكی بابەتیانە و پراكتیكانە، وە شارەزابوونی قوتابیان لە و بەندە یاساییانەی كە ئاماژە بە چۆنیەتی بەرزكردنەوەی داوا و چۆنیەتی تانە گرتن لە بڕیارەكانی دادگا وە ڕاهێنانی قوتابیان لە سەر ئەم بابەتە بە شێوەیەكی یاسایی لە ژیانی پراكتیكانەوە ئامانجی سەرەكی ئەم كۆرسەیە. شایانی باسە ناوەرۆكی ئەم كورسە زۆر گونجاوە لەگەل ئاستی زانستی قوتابیانی بەشی یاسا كە دەتوانن ئەم بابەتە فێربن و تێبگەن. هەروەها ناوەرۆكی ئەم كورسە زۆر گونجاوە لەگەل پێداویستیەكان قوتابیان پاش دەرچوونیان لە كۆلێژ و لە دوا رۆژ لە كاتی كاركردنیان وەكو پارێزەر سوودی لێ وەربگرن.

**16.** لیستی سەرچاوە

- سەرچاوە بنەڕەتیەكان

1. د. أدم وهيب النداوي، المرافعات المدنية، كلية القانون جامعة بغداد، 1980.
2. د. أدم وهيب النداوي، شرح قانون الإثبات، كلية القانون جامعة بغداد، 1986.

- سەرچاوەی سوودبەخش

1- د. سعدون القشطيني، شرح أحكام قانون المرافعات، بغداد، 1954.
2- د. ضياء شيت خطاب، الوجيز في قانون المرافعات، بغداد، 1973.
3- د. نبيل أسماعيل عمر، أصول المرافعات المدنية والتجارية، الأسكندرية، 1986.

- گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت)

1. گۆڤاری تەرازوو – گۆڤاری پارێزەر
2. www.uobasrah.edu.iq/.../low
3. بڕیارە دەرچووەکان لە دادگای بەرایی و شرعیە و کارو هەروەها دادگای تێهەلچوونەوەو تمیز لە هەرێمی کوردستان.

| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| | م. رۆشنا أكرم سعد/ |
| التعارف ، التوجيهات الضرورية ، شرح وحدات المنهج الدراسي | 2023/9/4 |
| تعريف قانون المرافعات المدنية وبيان اسسه وأهدافه | 2023 / 9 / 8 |
| المرتكزات الأساسية للقضاء، أستقلال القضاء، ولاية المحاكم، أختيار القضاة | 2023 / 9 / 11 |
| ضمانات صحة التقاضي | 2023 / 9 /15 |
| التقسيمات القضائية، محاكم الدرجة الأولى، | 2023 /9 / 18 |
| محاكم الاستئناف، محمكة التمييز | 2023 / 9 / 22 |
| التقاضي أمام المحاكم | 2023 / 9 / 25 |
| أختصاص المحاكم | 2023 / 9 / 29 |
| الأختصاص الدولي والأختصاص الوظيفي | 2023 / 10 / 2 |
| االأختصاص النوعي والأختصاص المكاني | 2023 / 10 / 6 |
| الدعوى القضائية | 2023 / 10 / 9 |
| كيفية أقامة الدعوى، أثار أقامة الدعوى | 2023 / 10 / 13 |
| التبليغات القضائية | 2023/10/16 |
| المرافعة، حضور المتهم وغيابهم | 2023/10/20 |
| نطام الجلسة | 2023/10/23 |
| سماع الدعوى | 2023/10/27 |
| الدفوع، التعريف بالدفوع وبيان حكمها، أنواع الدفوع | 2023/11/6 |
| الدعوى الحادثة، تعريف الدعوى الحادثة، | 2023/11/10 |
| أنواع الدعوى الحادثة، | 2023/11/13 |
| شروط قبول الدعوى الحادثة، الحكم في الدعوى الحادثة | 2023/11/17 |
| الأحوال الطارئة على الدعوى | 2023/11/20 |
| تعريف التحكيم وتحديد نطاقه | 2023/11/24 |
| أجراءات وأثار التحكيم | 2023/11/27 |
| القرارات المؤقتة، | 2023 / 12 / 8 |

| | |
|---|---|
| **الحجز الأحتياطي** | 2023 / 12 / 11 |
| **القضاء المستعجل** | 2023 / 12 / 15 |
| **القضاء الولائي** | 2024 / 1 / 3 |
| **الأحكام وطرق الطعن بها، الأحكام وأجراءات أصدارها، تعريف الحكم القضائي،** | 2024 /1 /11 |
| **أجراءات أصدار الحكم القضائي** | 2024 / 1 / 18 |
| **النفاذ المعجل للأحكام، تصحيح الأحكام وتفسيرها** | 2024 / 1 /25 |
| **طرق الطعن في الأحكام والقرارات** | 2024 / 1/ 25 |
| **الأحكام العامة للطعن في الأحكام و القرارات** | 2024 / 2 / 1 |
| **الأعتراض على الحكم الغيابي،** | 2024 / 2 / 8 |
| **الأستئناف، أعادة المحاكمة، التمييز.** | 2024 / 2 / 15 |
| **تصحيح القرار التمييزي** | 2024 / 2 / 22 |
| **أعتراض الغير.** | 2024 / 2 /29 |
| **قانون الإثبات،** | 2024 / 3 / 6 |
| **أسس قانون الإثبات** | 2024/4/1 |
| **نطاق سريان القانون، إجراءات الإثبات** | 2024 /4/ 8 |
| **طرق الإثبات** | 17 / 4 / هەتا 5/1/ 2024 |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | **1 کاتژمێر لە هەفتەیەك** |
| | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

1. **هەلسەنگاندن و هۆکارەکەی (قيم مع التعليل).**

2. **هێنانەوەی پرسیاری چۆنیەتی رێکاری داوا و دادگایی لە کێشەیەك.**

3- **حکمی دادگا چی دەبێت لەم بابەتانە؟ بابەتەکان بریتی دەبن لە چەند کێشەیەك.**

4- **باس کردن و ژماردن.**

5- **جیاوازی.**

**20. تێبینی تر**

**پێویستە لەسەر قوتابیە بەرێزەکان زیاتر گرنگی بەم بابەتە بدەن و هەوڵدەن بە باشترین شێوە ئەم بابەتە تێبگەن و سەرچاوە دیاریکراوەکان بخوێنن و و گرنگی بە لایەنە پراکتیکیەکان بدەن و بەتایبەتیش بابەتی بەرزکردنەوەی داوا، هەروەها پێویستە سەردانی دادگاکان بکەن تاکو بتوانن لە نزیکەوە و بە پراکتیکی بابەتەکان ببینن.**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**